# حوكمی یاساو كوتەك

## یاسا بۆ كتێبخانەو تۆمارگەی ئیسلامی

حوزەیران ٢٠٠٤

ئاسایشی سلێمانی بۆ ماوە چەند ڕۆژێك كتێبخانەی سارا و ڕۆشنبیر كە كتێبی ئیسلامی دەفرۆشن و تۆمارگەی یاوەران و مزگێنی كە كاسێتی ئیسلامی دەفرۆشن داخست. پاشان تەعەهودیان لێ وەرگرتن كە شتی بێ مۆڵەت بلاوكەنەوە. زۆر شایەنی وتنە كە كتێبی بێ مۆڵەت بە ئازادی لە كتێبخانەكانی تردا دەفرۆشرێن‌و هەندێك لەوانە تەشهیر بە ئیسلام دەكەن، وەكو نموونەش ئەم دوو ناوونیشانە هەیە: خوێننامە، كە مەبەست لێی قورئانە (ئەو كتێبە كە كۆمەڵێك قسەی سواوەو هەڵەی باشی تێدایە ناوم ناوە "كەرنامە")و كتێبی "جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ" (چەند لاپەڕیەكم لێ بینیوەو حاڵی لە كەرنامە خراپترە). كتێبی وا تەنانەت دەستگێڕەكان لەسەر شەقامەكان دەیفرۆشن‌و كەس نییە لێیان بپرسێتەوە، كاسیت‌و فلمی بێمۆڵەت هەر باس مەكە.

ئەم كردەوەیە دەیسەلمێنێت كە یاسا بۆ هەمووان نییەو تەنها كتێب‌و كاسێتی ئیسلامی شایەنی ئەوەن ڕێز لە یاسا بگرن‌و ئەوانەی تر هێندە وەحشی و دوور لە مەدەنیەتن یاسا لەگەڵیاندا بێكەڵكە، یان ئەوەتا دەسەلاتدارانی خۆمان حەزیان لە كتێبێكە لە جۆری كەرنامەو عاشقی ئەو فلمانەن؟

## بەكوتەك هاتوون بۆیە كوتەك دەوەشێنن

ڕێباز بیارەیی ئەمەی نووسی: پاش دەرپەڕاندنی ئیسلامییەكان لە هەورامان و هاتنی یەكێتی سەرۆكی هەڵبژێردراوی هەردوو شارۆچكەی بیارەو خورماڵ لە كار لابران‌و كەسانی یەكێتی خرانە جێگەیان هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانەكان بە ئیسلامی‌و پارتییەوە لابران. مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٤ دەمەقاڵەیەك لە نێوان سەرۆكی دانراوی شارەوانیی بیارەو چەكدارێكی هەرزەكاری یەكێتی بەهۆی پێشبڕكێی سەیارەوە ڕوودەدات. سەرۆكی شارەوانی پەلاماری چەكدارەكە دەدات. كەسێك كە لەگەڵ سەرۆكی شارەوانی دەبێت دەستی دەگرێت بەڵام ئەو دەڵێت من دەمەوێت بیكوژم‌و خوێنەكەی بدەم. چەكدارەكە بە سەختی بریندار دەبێ‌و لە قسەكردن دەكەوێ. ماوەیەك لە نەخۆشخانەی فریاكەوتنی سلێمانی دەكەوێ پاشان فەرماندەیی دەیباتە نەخۆشخانەی شۆڕش. سەرۆكی شارەوانیش چەند ڕۆژێك بە ئازادی دەگەڕێ‌و پاشان دەگیرێ بەڵام بە واسیتە دەبرێتە هەڵەبجە نەك سلێمانی. بنەماڵەی چەكدارەكە ماڵێكی هەژارن بۆیە ناتوانن ململانێ لەگەڵ ناوبراو بكەن بەلام كوڕەكە هەر بە ئاماژەو دەست جوولاندن هەڕەشەی تۆڵە دەكات.

هەواڵەكەی بیارەیی لێرەدا تەواو بوو

تەعلیقی پێگە: لە وڵاتاندا هەر کەسێك بە هەڵبژاردن پۆست وەربگرێت دەبێت هەر بە هەڵبژاردن لابرێت مەگەر تاوانێك بكاتو دادگایی بكرێت. بەڵام تەنها تاوانی ئەو دوو سەرۆك شارەوانییە ئەوە بوو لە حزبی فەرمانڕەوا نەبوون. پاشان بۆمان هەیە بپرسین: ئەگەر چەكدارەكە هاوڵاتییەكی ئاسایی بوایە كێ بە دەمییەوە دەچوو؟ دەبوایە وەكو ئارام كوێستانی بوایە كە كە لە زینداندا گیانی لە دەستداو كەسی لەسەر فەسڵ نەكرا بگرە كەسیش سەرزەنشت نەكرا.

## یاسا سەروەرە

ساڵی ٢٠٠٣ جێگری لقی دهۆكی پارتی كابرایەكی عەشیرەتی دۆسكی دەكوژێ. ناوبرا پاش ئەوە بە ئازادیی دەسووڕایەوە بۆیە دۆسكییەكان كە عەشیرەتێكی بەهێزنو بەشێكی گەورەی دهۆك لەوانن‌و پارتی حسابیان بۆ دەكات هەڕەشە دەكەن كە ئەگەر كابرا نەگیرێ تێكڕا دەبنە یەكێتی. دوابەدوای ئەوە پارتی ناوبراوی گرت. پرسیارەكەش ئەوەیە: ئەگەر كوژراوەكە هاوڵاتییەكی بێ پشت بواییە چەند نرخ بۆ خوێنەكەی دادەنرا؟ ئەی دەبێت چەند كەسی بێ پشت ئاوا خوێنیان بەهەدەر ڕۆشتبێت؟